The women organization of
Komala party – Iranian Kurdistan

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵە

# لە یادی ١٠٠ ساڵەی ٨ی مارس, ڕوژی جیهانی ژن

سەد ساڵ پێش ئیستا ژنانی ئازادیخواز و سۆسیالیست دژ بە هەڵاواردنی جینسی و بێمافی ژن، لە پێناو دنیایەکی باشتری شیاوی ئینسان و هەروەها بۆ ڕێزگرتن لە تێکۆشان و دەسکەوتەکانی چالاکانی ئەم بوارە ڕۆژی ٨ی مارسیان وەکوو ڕۆژی ژن لە دنیادا دیاری کرد. ئەم ساڵ لە کاتێکدا یاد لەم ڕۆژە دەکەین کە بارۆدوخی ژیانی ژن لە ئێراندا نالەباری و ئاڵۆزییەکی زۆری بە خۆیەوە دیوە. لە سایەی دەسەڵاتی حکومەتی ئایینی لە ئێران نالەبارییەکانی ژیان تەنگی بە میلیونها ژن لەم ناوچەیە هەڵچنیوە. بێدەرەتانی ئابووری، بێدەسەڵاتی یاسایی و سیاسی وێرای یاساکانی تایبەت بە ئاپارتایدی جینسی هەموو پێکەوە روخساری ژنانی ئەم وڵاتەی لە ئاو و ڕەنگی مروڤایەتی خستووە و سەد ساڵ پاش ١٩٠٨ هێشتا ژن ئەسیری نەریتی پیاوەزنی ویاسای نابەرابەرە وئاڵ وگورەکان لەم باریەوە لە هەڵسەنگاندن لە گەڵ دەسکەوتەکانی دیکەی کۆمەڵگای پێشکەوتووی ئەمڕۆ، زور بەرچاو نیین.

بەڵام سەرەڕای ئەوانەش بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنان بە گشتی و ژنانی ئێران بە تایبەتی شانازی ئەوەی هەیە کە وێڕای هەموو فشار و زۆرێک بەردەوام خوی لە گەڵ دەسکەوتەکانی کومەڵگای جیهانی ڕێک خستووە و تا ڕادەیەکی زور جێگای بە نەریتی کۆن و یاسا ئاینیەکان لێژ کردووە، لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و تەنانەت زانستی شدا دەور و نەخشی بەرچاویان هەیە. ماوەیەک لەمەو پێش حکومەتی ئێران بە مەبەستی ئاست تەنگ کردنەوەی ڕادەی بەشداری ژنان لە زانستگەکان و خۆێندنی باڵادا هەوڵی زوری خستە گەڕ وتەنانەت پێشنیاری پەسەند کردنی یاساشی لەم بابەتەوە هێنایە ئاراوە. چونکە ژنان لە زۆربەی بوارەکاندا و بە تایبەت لە بواری زانستیدا بە خێرایی گرەوی کێبەرکێیان لە وەرگرتنی پلەی بالای خۆێندن لە هاوکارە پیاوەکانیان بردۆتەوە. ئەم دەسکەوتە کەم وێنەیە بۆ عەقلیەتی پیاوەزن زۆر قورس و قەبووڵ نەکراوە. بەڵام بارودۆخی بزووتنەوەی ژنان و دەسکەوتەکانی ئەم ڕاستییەی زورتر پێ

سەلماندووین کە زوڵم و زۆر دەبێتە مایەی خەباتێکی بێ وچان و بەرز بوونەوەی پلەی تێگەیشتن لە هەموو بوارێکدا و زۆر جاریش لە گەل یەک گەشە دەکەن.

لە کوردستانیش ژنان تۆیشەیەکی پڕلە خەبات, حماسە و ئەزمونیان بۆ جیلی داهاتوو بە دیاری هێناوە. بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان بە یارمەتی ژنانی ناوچەکانی دیکەی ئێران بۆ پساندنی کۆت و بەندی کۆمەڵگای پیاوسالار لێوەشاوەیی زۆری لە خۆی نیشان داوە و هێشتاش لە هەموو بزووتنەوەکانی تر بۆ پێک هێنانی ئاڵ وگۆڕ ئامادەترە.

لە سەدەمین ساڵیادی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن، هەموو ژنان و بە تایبەت ژنانی کورد پەیمان تازە بکەینەوە کە هێز و توانای خۆمان بۆ سڕینەوەی ئاسەواری زوڵم و فەرهەنگی پیاومەزنی بخەینە گەڕ و بە شێوەیەکی رێکخراو و یەکگرتوو لەم پێناوەدا تێبکۆشین. بە ئامادەکاری سیاسی و بەرنامەی گونجاو رێگا بۆ بەشداری پتر لە چارەنووسی خومان و پێک هێنانی فرسەت بۆ نواندنی نەخش و رۆڵی ژنان لە ئەگەری هەر ئاڵ و گورێک لە داهاتوودا, خوشتر و لە بارتر بکەین. تێ بکوشین تا ساڵەکانی داهاتوو ببێتە ساڵانی سەرکەوتن و سڕینەوەی کۆیلەتی ژن.

**پیرۆز بێت یادی سەد ساڵەی رۆژی جیهانیی ژنان**

**رێکخراوی ژنانی کۆمەڵە**

مارسی ٢٠٠٨

http://jinany.komala.org/
www.komala.org
**E-mail:** jinan@komala.org